# ئەو خەمانەی بێ كۆتایین

( کاوەی خەسرەو کاوانی )



ئەمن خاكێكی ووشك هەڵاتووی بیابانم
ساڵانێكە چاوەڕوانی بارینی بارانی عیشقم
دەوەرەو تۆ بۆ ووشكایم
ببە بە هەوری باران و
ئەم ووشكاییە بكە بە خاكێكی پاراو,
ساتە وەختە تەنیاییەكان
لەمەرگێكی بێ دەنگ دەچن
وەرە با پێكرا ببینە
دووگیانی ماندووی تێك ئاڵاو ,

⋆ ⋆ ⋆

ناخمان وەڵاتی بێ بزەی
زەماوەندی خەمەكانە
گریان رێژنە و چرەبارانی بێ وەختە ,
دەست لێك بەردان خەزانی وەرینی عومرە
فلیمێكی تراژیدیای زۆر سەختە ,
ئێمە خۆمان لەبەفری خەم دروست كراوین
زۆرجارلەگۆمانیش دەژین
خەم لە پێكهاتەی ئێمەیە ...؟
یان ئێمە پێكهاتەی خەمین...؟
پێكرادەژین
لەگەڵ یەك لە دایك دەبین
هەتاكو دەمرین هاوەدەمین .

⋆ ⋆ ⋆

ئەی ئازیزی خەمەكانم
چ كوشتنێك لە كوشتنی
دەستی عیشقت بە پێزترە
كامە بۆمبی نیوترۆنی ئەم زەمەنە
تەقینەوەی لە تەقینی
خۆشەویستیت لە نێوناخم بەهێزترە ,
من خۆم خستۆتە نێو لەپی
ئەو خەمانەی بێ وویستی من
قەسیدەی ژین
بە تەنافی خەمەكانت هەڵدەواسن
دەڵێن دواین هەواڵنامەی خەمەكانە
كە گوێ دەگرین ,نەك كۆتابی
وا سەرەتای دەنگ و باسن .

⋆ ⋆ ⋆

**ئەو خەمانە هەرگیز کۆتای پێ نایێن**

**ئێمە پێش ئەو دەگەینە خاڵی کۆتایی ,**

**پێش ئەو ساتەی ماڵئاوای لە خەم بکەین**

**لە تابووت داین**

**ئەو لە دەرگای ژین وەستاوە**

**بە پێکەنین دەڵێت بڕۆن من دەمێنم**

**لێمان دەکات ماڵئاوایی .**